

# ئاگردانی سارد

محەمەدفەریق حەسەن
(دانیمارک)

شەپاڵ، سەگەکەی وسووی حەمەشا، لەسەر گابەردێکی ئەو بەرزاییيەی کە ئاوایی گوێزەڵان پاڵی پێوە داوە، بۆ دوور دەڕوانێ و کلکی با دەدات. شەپاڵ، نەرمە تۆزێک بەدی دەکات، لەو ڕێیەوە بەرز دەبێتەوە کە گوێزەڵان بە مەڵبەندی ناحیەوە دەبەستێتەوە. تۆزەکە، کەمێک لە زەوی بەرز دەبێتەوە، ئەوجا پەرت و بزر دەبێت. نەرمە تۆزی نوێ جێی دەگرێتەوە. لە ژێر ئەو تۆزەوە جووڵەیەکی گوماناوی، ڕووە و گوێزەڵان بەڕێوەیە. جووڵەی کاروانێکە بە زرێپۆشێکی زەیتوونی دەست پێ دەکات و بە ڕیزێک بارهەڵگری مەیلەو زەرد کۆتایی دێت. شەپاڵ لە گابەردەکەوە باز دەدات و بەرەوخوار ڕادەپەڕێت. خۆی بە ماڵی خاوەنیدا دەکات.. شەپاڵ دەیکات بە ڕۆژی خۆی و نایبڕێتەوە.

❋ ❋ ❋

وسووی حەمەشا دەیگێڕێتەوە: وەختێک بە خۆمان زانی گوێزەڵان بە جاش و جەیش دۆرپێچ کراوە و مالیجەمان نەماوە. بەو حاڵەشەوە، حاجی مەلا ڕەحیم هاتە دەست. بە قورئانە گەورەکەی مزگەوتەوە پێش چوار پێنج دەمسپیی گوێزەڵان کەوت.. باشتر، لە منی نەگێڕایەوە. کار لەکار ترازاوە، بۆیە چوون و نەچوونیان وەک یەکە. لە بانیژەکەی ماڵی خۆمانەوە چاوم لێیان بوو، بە هەر حاڵێک بوو، خۆیان گەیاندە فەرماندەی هەڵمەتەکە.. فەرماندە، گەنمڕەنگێکی کڵاوخوود بەسەر بوو، تا دەست هەڵبڕی کەڵەگەت. حاجی مەلا ڕەحیم بە لەرزەلەرز لێی چووە پێش. فەرماندە خۆی قورئانەکەی لە دەست حاجی هەڵپچورڕاند، ماچی کرد و دایە دەست یاوەرەکەی.

ڕەنگە بە حاجیشی گوتبێت: (ئەمە کتێبی پیرۆزی ئێمەیە، نازانم بۆچی کەوتووەتە لای ئێوە؟)، ئەمجا ڕاستوچەپ لێی وەستایەوە و حاجی مەلا ڕەحیمی دایە بەر شاپان. دەمسپییانی ئاواییش نکونائومێد، سەیریان دەکرد، هەر بە هەنگاوەکانیاندا دیار بوو چەند نائومێد و شپرزەن. من لە ماڵی خۆمانەوە لەرزم لێ هاتبوو.. لەشکر ڕژانە ئاوایی. بوو بە برفێن برفێن. سەرەتا وەک دەرۆزەکەر، لێیان دەپاڕاینەوە، دەستمان لێ نەدەن. پاڕانەوە بێ سوود بوو، ئەوجا ئەوەندەی کرا بوو، بەرگریمان کرد و ملمان نەدا.. تا کار گەیشتە ئەو جێیەی، جاش و سەرباز، یەکە بە یەکەمانیان وەک لاکە تۆپیو بە شوێن خۆیاندا، بۆ لای لۆرییەکان ڕاکێشا و بە پاڵ و ملەسۆ، هەموومانیان لە پشتی لۆرییەکان بار کرد. لۆرییە زەردەکان سیخناخ بووبوون. ڕێک پێچەوانەی باڕە کەوی بەندی قەفەزی تەنگ، کاتێک شپرزەن، ملەقوتێ دەکەن و تا هێزیان تێدایە دەجڕێنن. هەتا پرزەشیان لێ دەبڕێت، شووڵەکانی قەفەزەکە دەدەنە بەر دەنووکە مەیلە و سوورەکانیان.. نا، دۆخی ئێمە فرە جیاواز بوو.. ئێمە بە جۆرێک ترنجابووینە یەک، بواری جووڵەمان نەبوو. دەنگیشمان بە گوێی کەسدا نەدەگەیشت. لەم تەنگانە کەس لە کەسەدا، کەسی هەرە نزیکمان هەر ئەو جاشانە بوون، کە لەمێژ بوو لێمان بووبوون بە ناکەس.

سەد حەیف بۆ هەڤاڵانیش! هەڵبەت ئەوان دەیانزانی چ ڕۆژە ڕەشێک چاوەڕوانمانە و ئاگاداریان نەکردین؟ ئەوان نەشیانتوانی ئەوەندە بەرگریمان لێ بکەن، هەتا سەری خۆمان دەردەکەین. هەر نەشمزانی کەوتنە کوێوە؟ بە شەرتێک هەفتەیەک لەمەوبەر، لە بەرهەیوانی مزگەوتی ئاوایی، گفتیان پێ داین، گوتیان: (بێخەم بنوون، ئێمە بەرگریتان لێ دەکەین!).

لە دۆخێکی وەها شووما، وەختێ تەواوی ئاوایی، بە خورتی وەک مەڕوبزنی چیوداران دەپەستراینە پشتی لۆرییە زەردەکانەوە، هەر فریای ئەوەندە دەکەوتین دوا ئاوڕ لە ماڵی تالانکراو و سووتاوی خۆمان بدەینەوە. لەو دۆخەدا (شەپاڵ) بە قرووسکە قرووسک لەبەر لووتمدا قوت بووەوە و دوو سێ جاش، بە چغە چغە دووریان خستەوە. دوای کەمێک، بە نێوان لاقی جاشی کورد و سەربازی عەرەبدا، پەیدا بووەوە. هەتا ئەم ڕۆژە ڕەشەم بە چاوی خۆم نەبینی، بڕوام نەدەکرد کوردی سەر ئەم ئەرز و بوومە ئەوەند مرۆڤی ناپاکی زۆر بێت. وا پێدەچوو نیوەی ڕاستی خەڵکەکە بووبن بە جاش و ئێمەی بێ ئاگا، لەم دۆڵ و چیایە، پێمان نەزانیبێت.

جاشێکی تەنگە ئەستووری سمێڵ هەشتی، بە جووتێک (قاز)ی چون بەفری یەکشەوە سپییەوە، پەیدا بوو. قازەکان دەیانقیڕاند و ئێمەش بێدەنگ بووین. جاشەکە بە توندی خوڕییە دەروێش ئەوڵای دراوسێم: (هێی زەلام! من پێویستم بە قەیتانی پێڵاوەکانتە!) دەروێش ئەوڵا، بێ ئەوەی لێی بپرسێ، (بۆ چیتە؟) دانەوییەوە، قەیتانە ڕەشەکانی لە پێڵاوەکانی کردەوە. ئێمەش زەق زەق چاومان بڕیبووە کابرای جاش. قازێکیانی دایە دەست دەروێش ئەوڵا و فەرمانی پێ دا (توند لاقەکانیم بۆ بگرە، نەهێڵی بەرەڵڵا بێت، ها!) دەروێش ئەوڵا، کە بە چاوی داچەقاوەوە گوێی لێ گرتبوو، بە قسەی کرد. جاش، ئەگەرچی تفەنگەکەشی لە شان بوو، هەردوو پێی ئەو

قازەیانی پێکەوە بەستن کە بە خۆی بوو. لە جێی خۆی بەریدایەوە سەر زەوی. ئەوی تریانی لە حاجی وەرگرت. هەردوو قاچی ئەویشیانی بە قەیتان پێکەوە بەست. بردنی، هەر بردنی، ئەوجا فڕێی دانە پشتی پیکابێکی شین شینەوە. قازەکانیش دەیانقیراند. جاشی تەنگە ئەستوور، گەڕایەوە لای ئێمە و خێسەی لێ دەکردین.

شەپاڵ شپرزە دیار بوو، بە دەوری خۆیدا دەسووڕا و جێی بە خۆی نەدەگرت. ئەویش لە دۆخەکە تێگەیشتبوو، ئەوجا جووتێک جاشی ئەبرۆ گرژی، باریک و درێژی چون داری واوەیلا، پەیدا بوون. تفەنگەکان بە بالایان کورت بوو. ئەوەندە لە یەک دەچوون، پێدەچوو دووانە بن. یەکی قۆنداخە تفەنگێکیان سرەواندە شەپاڵ. ئەویش بە ئازارەوە قروسکاندی و لە نێوان لاقیانەوە بۆی دەرچوو. جووتە جاش وەک گوێرەکەی بەن پساو، بە خێرایی. یەکێکیان بەشوێن سابرێنێکدا سەرەوخوار و ئەوی تریان سەروژوور شوێن نیونێک کەوتبوو، بۆی نەدەگیرا. چیاکەی گوێزەڵان پاڵی پێوە داوە، وەک جاران، سەر لە هەور دەسوێت. (ئازیز)ی هاوسەرم، وەک جاران نییە. ئەو ساڵ دوانزەی مانگ باخێک بووە لە بۆنی خۆش و ڕوو گەش. ئێستا هێندە بێ تاقەتە، دەڵێی ژنێکی تەڵاقدراوی سێ بەسێیە. حەپسە خانی ئەوبەریشمان، جاران کە بە چەناگەی خاڵاوییەوە، دەستی پێ دەکرد، نەیدەبڕییەوە، ئێستا متقی نییە.

شەو بەسەرداهات. گوێزەڵان چۆڵ و تالان کرا، لۆرییە زەردەکانیش جوولان. وەک خۆڵی مردوومان بەسەردا کرابێت، لە پشتی لۆرییە زەردەکانەوە بێدەنگ بۆ یەکتری و دەوروبەری خۆمان دەڕوانی. یەک لەباری خۆم، چاوەڕوانی فریادڕەسێک نەبووم، لە زەوییەوە هەڵتۆقێت، یان لە بەرزایی ئاسمانەوە دابارێت و بەهانامانەوە بێت. وەکوو تر، وەک دوا ماڵئاوایی لە ئازیزانمان بکەین، بۆ ماڵەکانی گوند، کە بە قەدپاڵی کێوێکەوە، نێڵەنێڵ دەسووتان و باوەشیان بە یەکدا کردبوو. بۆ درەختی قنج و قیت ڕاوەستاوی هەردوو بەری ڕێ، بۆ گرد و شێوی بەر ڕۆشنایی مانگەشەومان دەڕوانی و کزە لە جەرگمانەوە هەڵدەسا. بۆ کێلە سپییەکانی گۆڕی باپیرانمان.. حەیف! ئەم پاییزە، هەر ئەم جاشانە باخە گوێزەکانمان دەڕنن.

لەبەر ڕۆشنایی لایتی لۆرییە زەردەکان، شەپاڵم بینی بە ئازاری قۆنداخە تفەنگەوە، دوامان کەوتبوو. دیار بوو شەپاڵ گیان دەیزانی ئێمە لە کام لۆریداین و لێقەومانی ئێمەی بە لێقەومانی خۆی زانیوە. دەرکی بەوەش کردووە، کە خۆیشی وەک ئێمە سەرگەردانەو لانەوبانەی لێ تێک چووە.. لەوەیان حاڵی نەبووم، سەگە گورگبەزێنەکانی دیکەی گوند کە ئاواییان پڕ حەچولوور کردبوو، کەوتنە کوێوە؟ خۆ ماڵ نەبوو سەگی ڕانەگرتبێت. ئەی هەر سەگگەلی ئاوایی نەبوون، بە حەپەحەپ، پەرژینێکی قایمیان بە دەوری ئاواییدا چێ دەکرد، چەقەڵ و گورگ و ڕێوی، زاتیان نەدەکرد نزیک گوێزەڵان ببنەوە؟ خۆ مەڕدار بەبێ سەگ، ماڵ و حاڵی پارێزراو نابێت. نا، شەپاڵ گیان لێمان دادەبڕا و ناوبەناو دەکەوتە نەدیوی، وەلێ زۆری نەدەبرد سەری هەڵدەدایەوە.. ئێمەش، بۆ چەند هەناسەیەک، لەبەر لایتی لۆرییە زەردەکان، ڕوخساری ڕەنگ پێوە نەماوی یەکتریمان لێ ئاشکرا دەبوو. ئەوەی ترووسکایی بێت بە ڕوومانەوە نەمابوو.. کاکلە سوور، لە جاشێکیانی پرسی، (بۆ کوێمان دەبەن؟) جاشەکە دەعیەی نەیهێنا وەڵامی بداتەوە.

* * *

شەو دوولایی بووبوو وەختێ گەیشتینە سەربازگەیەک. لەوێ بۆ ماوەیەک پیادە بووین. پوورە خەجێ، لەو ساتەوەختەوە، کە داوییانە بەسەر گوێزەڵاندا، دەگریا. تا ئێستا ژێر نەبووەتەوە. نەمزانی ئەو هەموو فرمێسکە لە کوێوە دێنێت؟ وەختێکم زانی شەپاڵ پەیدا بووەوە. دەبێ ئێستا چەندی برسی بێت، چەندی تینوو بێت و چەندیش ماندوو بێت؟ شەپاڵ گیان زمانی بستێک دەرکێشابوو، خێرا خێرا هەناسەی تووند و بیسراوی دەدا.. بووین بە دیلی جەنگێک، دەستمان لە بەرپاکردنیدا نییە.

شەپاڵ گیانیش شەوگارێکە بە غاردان بەڕێوەیە.. هەر چاکیشە نەپساوە. ئەی بەقوربانی ئەو پشووە درێژەت بم، شەپاڵ! سەربازی عەرەب شوێنی دەکەوتن، لەم سەرەوە دەریان دەکرد، لەوسەرەوە پەیدا دەبووەوە.. ئەم جارەیان لێم هاتە پێش و دەستەکانی تا سەر سینگم هێنان. وەک پێم بڵێت: (فەرموو شوێنم کەوە، من ڕزگارت دەکەم!) منی دڵ پڕ، وەڵامم بۆ شەپاڵ پێ نەبوو. شەپاڵ، چوو بۆ لای (ئازیز)ی هاوسەرم. بۆنێکی بەویشەوە کرد. ئازیز کە وەک بتێکی جوان، وا خۆی پێچابووەوە، تەنیا چاوەکانی بەدەرەوە بوون. بۆی دانەوییەوە، باوەشی پێدا کرد و بۆ چەند چرکەیەک لە ئامێزی گرت. شەپاڵە خاوەن بەزەییەکەی ئێمە، وەک ئەم ڕۆژگارە شوومەی تێی کەوتووین ڕەنگی خۆڵەمێشییە و چاوەکانی قاوەیین. زوو دەچێتە دڵەوە. گوێیەکانی قوتن. بە مەیلی خۆی دەیانجووڵێنێت و هەست ڕادەگرێت، خشەی مار و کیسەڵ و گیاندارانی ئەو کێوە جیا دەکاتەوە. شەپاڵ خۆی بە نێو لاقی دوو سێ سەربازدا کرد و خۆی گەیاندە (تریفە)ی کچم. بەدەم کلک بادانەوە دوو سێ خول بە دەوری ئەویشدا سووڕا. دیسان لە من نزیک بووەوە و بۆنی پێوە کردم. ئەم جارەیان قەپی بە پشتوێنەکەمدا کردبوو، ڕایدەکێشا. وەک بڵێت: (شوێنم کەوە، وسوو! من لە دیلی ڕزگارت دەکەم!) بە داخەوە ئەقڵم نەیبڕی شوێنی کەوم، ئەگەرچی دەمزانی شەپاڵ، گەماڵێکی زیرەکە. ڕەنگە پلانێکی تایبەت بە خۆی، بۆ ڕزگاری هەبێت. کێ چووزانێت؟ ئای خودایە، من چەند پەشیمان و بە داخم! من لەو تەنگانەیەدا بایی ئەوەندە ژیری و سەلیقەم پێ نەمابوو، تەنیا جارێک، ئەو ناوچاوانە خۆڵەمێشییەی ماچ بکەم. شەپاڵ بەنیاز بوو لە دیلی دەرمبێنێ و منیش نەدەجووڵام. ئاخر من بە تەنیا نەبووم تا قیروسیای لێ بکەم و شوێنی کەوم. پێشم وابوو هەوڵێکی بێهوودەی دەدا، لەو دۆخە دژوارەدا، لەو غەریبییە، کێ دەیتوانی خۆی لەو گەلەجاش و سەربازە چاو سوورە بدزێتەوە؟ ئەوە سەری خۆشم کرد، ئەدی ئازیز و تریفە؟

* * *

هەر ئەو شەوە لەوێش هەڵیانکەندین و لە لۆرییە زەردەکان باریان کردینەوە.. شەپاڵیش لە یادی نەکردبووین، دەیدۆزینەوە. ئێمە وەک بەسەر دنیاوە نەبین وا بوو. ئەوەندەم دەزانی بەرەو باشووری عێراقمان دەبەن، ئەگەرچی لە ناو لۆرییەکانەوە، ڕوومان هەر لە نیشتمانی خۆمان بوو. ئەم جارەیان، لەگەڵ دەرکەوتنیدا، شەپاڵ گیان یەکسەر خۆی بۆ پشتی لۆرییە زەردەکە هەڵدا و نەگەیشت. دوو جاشەکەی ئەرکیان چاودێری ئێمە بوو، پێیان زانی. ئاماژەیان بە شوفێرەکە دا. لۆری خاوی کردەوە. هەردوو جاشەکە بۆ شەپاڵ گیان دابەزین. بە

لەقە و قۆنداخە تفەنگ تێی کەوتن. شەپاڵ خراپ لەنگەری تێکچوو. جاشەکان سەرکەوتنەوە و شەپاڵ لە کەناری ڕێ جێما.. چاوم لێی بوو گینگڵی دەدا. تینیشی دەدایە بەر خۆی و تێدەکۆشا دیسان هەڵبسێتەوە.. من وادەمزانی تفەنگ بە سەردڵمەوە دەنێن، کاتێ لە لۆرییەکەوە جاشێکیان میلی لێ هێنایەوە، تەقەی لێ کرد.

شەپاڵ، چوارپەلی لە هەوادا پەلەقاژەیان دەکرد. ڕەنگیشە شەپاڵ گیان دەریچەیەکی بۆ سەردەرکردن دۆزیبێتەوە، من بێ ئاگا و ناحاڵی بم.. شەپاڵ گیان، لەسەر پشت و بەدەم ئازارەوە بە دەوری خۆیدا هەڵدەخوولا. بەو شەوە شوومە، وەها دەهاتە پێش چاوم لۆرییە زەردەکان خۆیان لێ لادابێت، نەیانکردبێت بەژێرەوە. وەختێ کەمێک بیرم لێ کردەوە، ئەقڵم نەیبڕی، ئەو مرۆڤانەی ژیان بە ئینسان ڕەوا نابینن، چلۆن بە شەپاڵی بێ زمانی ڕەوا دەبینن؟ ڕەنگیشە چاوەکانم زەینمیان بە فێڵدا بردبێت.

وەک ئەوەی حەوت ڕۆحی هەبێت، شەپاڵ گیان جارێکی دی هەڵسایەوە. دیار بوو سوورە لەسەر ئەوەی، بە زامی سەختەوە بەردەوام بێت. ئەو خاو دەهات بەڕێوە و چوارپەلی لێکدەئاڵان. حەیف! ئێمە لێی دوور دەکەوتینەوە. ماوەیەک خۆی لەسەر لمی کەناری ڕێ بەکێش کرد، تا ئەو هەناسەیەی لە پێچێکی ڕێدا کەوتە نەدیوی و وێنەی لە بیلبیلەی چاوەکانم بزر بوو. ئێمە لەسەر کۆستی کەوتووی خۆمانەوە، وێنەی کەڕولاڵ، بۆ شەپاڵ گیان دەگریاین. دەشمانزانی چارەنووسمان لە هیی ئەو باشتر نابێت. کاروان، هەر چرکەیەک، ئێمەی لە زێدی خۆمان و لە شەپاڵیش دوورتر دەخستەوە.. وژە وژی باگێژە دێ، بە لمەوە.

* * *

دوو بەتڵی شەو ڕابورد، ئێمە هێشتا بەڕێوەین. برسی، شەکەت، تینوو. بێ حەواس و دڵتەنگ، لەش داهێزراوی گەرما و هەڵتەک هەڵەتەکی ڕێ.. بەو حاڵەوە بیرم ها بە لای دوا ساتەکانی گوێزەڵانەوە.. ئەو دەمەی سەگگەلی ئاوایی ڕوویان کردبووە ئاسمانی لێڵ و بە وێنەی گەلەگورگ دەیانلووراند؛ بێ ئەوەی گورگێک لەو چیا و دۆڵانەوە وەڵامیان بدەنەوە. زاق و زیقی منداڵ، هەیڕۆ هەیڕۆی ژنە بە مشوورەکانی گوێزەڵان، دووکەڵی بۆر، شین و ڕەشی پێچاوپێچ، لە ماڵانەوە هەڵدەکشان و لە تاقی ئاسمان کەپرۆکەیان دەبەست. بە چڕە دووکەڵی ماڵی خواوەندیشەوە.. هیچ بۆنێک هێندەی بۆنی دووکەڵی داروپەردوو خنکێنەر نییە. گوێیەکانیشم پڕ بووبوون لە زریکە و هاوار، وەختێ ئێمەی مرۆڤ، وەک شتگەلی بێ کەڵک و بار بەسەر ئەم عەرد و بوومەوە، لە لۆرییە زەردەکان بار دەکراین. فرکوهووڕی جاش و سەرباز بە شوێن مریشک و قاز و قەلی ئاواییدا. لووشکە هاویشتنی نێرکەر و هێسترە چەمووشەکانی دێ، دوا دیمەنەکانی گوندن، لە یادەوەریمدا پاراستوومن. لەم ڕۆژە ڕەشەدا، تەنیا شەپاڵ بەتەنگمانەوە بوو.

سەختترین ساتەوەختی ماڵی ئێمەش، قڵیشانەوەی دەرگەی حەوشە بوو، بە پاڵی سەربازێکی لەسەر چز؛ یەکسەر دەستی دایە قوڵفەکانی مەنجەڵە کفتە نیوەکوڵەکەی ئازیز و بەسەر ئاگردانەکەدا قڵپی کردەوە.. ئاگر کوژایەوە. هەڵم و بۆقی تێکەڵ بە دووکەڵ و خۆڵەمێش و بە گڕ ئاسماندا چوون، کفتەکانی ئازیز، بە حەوشەدا بڵاو بوونەوە. مایەوە سەر مەنجەڵێکی دەمەونخوون و ئاگردانێکی ساردوسڕ.

**دانیمارک، ٢٠٢٦/٣/٢٨**